## دوای شەست و یەک ساڵ بەسەربردنی لە خزمەتی هونەر

# هونەرمەندی قەڵاو مناره (محەمەد ئەحمەد ئەربیلی)دوورخستنەوەی بوو لە هونەر



ئەو هونەرمەندە بە تەمەنەی کەوا دەیبینن گەورەترین هونەرمەندە لە شاری هەولێر کە زەمەنێک تێپەڕی ئەو بە هەر سێ زمانی (کوردی و عەرەبی و تورکی) گۆرانی دەچڕی و خاوەنی چەندین ئاوازە. هەروەکو خۆی دەڵێ گەورەترین هونەرمەندانی وڵاتانی گۆرانییەکانی ئەویان گوتۆتەوە. لەوانەش ئیبراهیم تاتلیسس و مەیادە حەناوی و جۆرج وسف جگە لەوانەی لە هەولێریشن. هەر بە هۆی کاری هونەرییەوە سەردانی وڵاتانی دەرەوەی کردووەو ناوێکی دیاری بۆ خۆی پەیدا کردووەو هونەرمەندانی دەرەوی بەسەر کردۆتەوە. ئەگەرچی محەمەد ئەحمەد ئەربیلی تەمەنی لە حەفتا ساڵ تێپەڕیوە، بەڵام تاکو ئێستا بەهرەی هونەری لە ناخیا هەرماوەتەوەو دەمێکە هونەر تێکەڵ بە ژیانی بووەو بێ هونەر ناتوانێ بژی. ناوبراو بەهۆی زۆری تەمەنەکەی ساڵانێکە خانەنشین کرابوو، بەڵام لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری مۆسیقا بەشێوەیەکی کاتی فەرمانبەر بوو رۆژانە دەوامێکی ئاسایی دەکرد تاکو دوور نەکەوێتەوە لە هونەرەکەی و بەهۆی دانیشتنی لەماڵەوە نەخۆشی و غەمی دونیا بەرەنگاری نەبنەوەو بەهۆی هاتنە سەر کارەکەشی بەشێک لەو نەخۆشییانەی کە هەیەتی لەبیر بکات. ئێمە کاتێک بینیمان و هەواڵیمان پرسی زۆر نیگەران بوو دڵی پڕ بوو لە قسەو گلەیی. کاتێک ورد دەبیتەوە لە ناخی ئەو بەساڵاچووەو گوێ لە قسەکانی دەگری بۆت دەردەکەوێت لە کارەکەی لادراوەو رەوانەی ماڵ کراوە، دوای ئەو هەموو خزمەتەی کە پێشکەشی ئەم شارە دێرینەی کردووە، لەکاتێکدا کە دەبووایە خەڵاتی رێزلێنانی وەکو هونەرمەندانی تر پێ بدرایە، بەڵام لە بری ئەوە ئەو بڕە موچەیەشی کە بە شێوەی کاتی وەردەگرت لێیان بڕیوە. بەم شێوەیە خەڵاتی تەمەنێک لەهونەری وەرگرت پاش ئەو هەموو خزمەتەی! هونەرمەند خۆی دەڵێت: من چاوەڕێی خەڵاتی رێزلێنانم دەکرد لەسەر شانۆ تاکو ماوم بەڵام کاتێکم زانی بەبێ قەدری رەوانیان کردم، ئەمە جگە لەوەی لە چەندین ئاهەنگ بەشداریم کردووەو تاکو ئێستا پشتگیری نەکراوم.